# سازی ئەفسووناوی جیهان

جەبار جەمال غەریب

بەدوای کارێکتەرێکدا دەگەڕام، کارێکتەرێک ڕۆڵێکی مامناوەندی لە چیرۆکێکدا بدەمێ، زۆر لەو کارێکتەرانەی خەڵقم دەکردن بەو ڕۆڵە ڕازی نەدەبوون و حەزیشم نەدەکرد ڕێگای ژیانێکی ئازادیان لێبگرم، بڕیارم دا بگەڕێمەوە مەملەکەتی مێشکم و یەکێک لەو کەسانە بەخەبەر بێنم کە هەمیشە حازر و ئامادە چاوەڕێم دەکەن. چاوەکانم داخست و بە مێشکمدا شۆڕ بوومەوە، جادە و کۆڵانەکانی ڕووناک بوون، دەرگای ماڵەکانم دەکردەوە و ژوورەکانم دەپشکنی، برادەرەکانی منداڵیم کە هەموویان ئێستا گەورەبوون و ژنیان هێناوە بەسەرکردەوە، هەموو ئەو هاوڕێیانەشم هێنایە بەرچاوم کە لە کوللیە لەگەڵم بوون.

سەرم لەو هەموو خەڵکە سوڕما کە لە ڕێڕەوی ژیانمدا کەوتوونەتە سەر ڕێم، ئەو هەموو دۆست و هاوسێی و ژن و پیاوە، ئەو هەموو کوڕ و کچە شەرمن و شەڕانی و لەخوا نەترسانە، هەمیشە ئەوەم لەبیر بوو کە دەبێ کەسێک بدۆزمەوە و بیکەم بە کارێکتەری چیرۆکە تازەکەم، کە هێندەی هەموو دنیا دڵم پێی خۆشە، بەڵام ئەو کەسە کوا؟ بۆنی دەکەم و هەستی پێ دەکەم و نایبینم، ئەوەتا لەدوای ئەو کۆڵانەوەیە، نا با سەر بەو ماڵەشدا بکەم، با ڕۆژەکانی سەربازیشم بێنمەوە بەرچاو، بزانم لەو هاوەڵە عەرەبانەی هەمبوون، کەسێک بە کەڵکی ئەو کارە نایە. ئەوەتان هەموویان وەستاون. ئەوە نووری شێوەکار، ئەو بە دەیان دانیشتن وێنەیەکی بە زەیتی لەسەر پارچە خامێک کێشام و دواتر حوسێن سەلمان کە نەزانترین و نەخوێندەوارترین کەسی سەربازگەکەمان بوو گوتی:

– ئا، ئەوە لووتی سیاکۆیە، ئەوە چاوەکانیەتی، ئەوە گوێ و ڕوومەتی و چەنەگەی هەمووی ئەوە، بەڵام وێنەکە

ئەونییە، زۆر زۆر لێکدوورن.

لەولاتر ئەوە نوهاد سوبحی دکتۆر، بە خۆی و دەرمانە کۆن و دەرزییە کولەکانییەوە، ئەوە مەهدی ساڵحی عەینەکچی بە خۆی و پێکەنینە زۆر سادە و پاکەکەیەوە، کوڕە ئەوە قاسم ئنتەیش قامە ئەو پیاوە دڵگەورە و خۆشەویستە. هەر هەموو ئەو کەسانەی ناسیومن، ئەوە محەمەد ساتووری دڕندە و بێڕەحم. لە کۆڵانێکی دیکە یەکێک هاواری لێکردم گوتی؛

– من، منیشت لەبیر نەچێ، مەحموود شاکر ئیحسان ئەلهینداوی.

هەرچەندە ژوورێک لەولاترەوە، لە پەنجەرەی نهۆمی سەرەوە، دەنگێک، دەنگێکی ئاشنا و هەوەسگر بانگم دەکات، هەر بەناوی خۆمەوە دەڵێ ؛ «من، من ئیلهامی پیاوکوژ»

– تاکە شوێنە کە پیاوکوژی تێدا بەختەوەری بێت، ئیلهام بە خۆی و ئەو قژە خورمایی و چاو سەوز و ڕانە سپییانەیەوە، کە تا ئێستا بە هەمان خۆشی و لەزەتەوە گوێم لە دەنگی تابیعە کۆنەکەیەتی، بانگم دەکات و دەڵێ:

– من، من هەر بە کراس و پێڵاو و سوخمەی ئەو ڕۆژەوە دێم کە لە ژووری ڕۆنیۆ چاوەڕێت بووم.

دەڵێم:

– کچێ ئەوە پیاو کوشتن نییە، مۆڵەتم دە جارێ عەشیرەتێک بەنیازی منن.

دواتر دەڵێم:

– تۆ بۆ ئەو کارە نابی، من کارێکتەرێکم دەوێت بۆ چیرۆکێک، دەشێ ئەو کەسە هەر لەناو چیرۆکەکەمدا بمرێت. بکوژرێت.

ئەو پێدەکەنێ و ددانە سپییەکانی دەردەکەون و ئەوەندەی دیکە جوان و دلبەرتر دەبێ، دەڵێ:

– لە من مەترسە، نەک چیرۆکێک هەزار چیرۆکت بۆ کاول دەکەم و بۆ خۆم، هەروەک خۆم دەگەڕێمەوە.

هەندێ جار ڕاموایە کە ئەو کارێکتەرە ناگەڕێتەوە، گەڕانەوە و نەگەڕانەوە سیحرێکیان تێدایە، بەڵام سیحری نەگەڕانەوە پڕ نهێنی ترە و سیحری گەڕانەوە کاریگەرترە.

نازانم ئەو ئەسپە ژنە عەرەبە بۆ ئەوەندە پیاوکوژە، بۆ ئەوەندە دڕندە و وەحشییە لەگەڵ قوربانییەکانی. ڕاستە کارێکتەرێکی ئاوا بێ خەنجەر و گوللە چیرۆکەکەم دەکاتە گۆمی خوێن و هەڵپەی ژیان، دەترسم لە دەستم بەڕەڵا بێت و من بە هەموو کبریا و فیزی خۆمەوە پەت کات و بە دوای خۆیدا ڕامکێشێ.

هەمیشە لە دوای ئیلهام حەنانم بیردەکەوێتەوە، دەزانم ئێستا دەیبینم یان لەو دیوی پەنجەرەکەیەوە، بانگم دەکا، دوو دڵم ئەویش بە کەڵکم بێت، هەندێ جار هەست دەکەم ئەو کارێکتەرە دەبێ پیاوبێت، ئیلهام دوا قسەی بەهەوادا دەنێرێ «بڕۆ کوردی مێشک بەرد و خەسیو، بە خەونیش کچێکی وەک منت نایەتە سەر ڕێ، بڕۆ ئەوە حەنانە بە خۆی و پرچی بن لەچکە ڕشکنەکەی و بن باڵە بۆگەنەکانی ژێر جوبە ئەستوورەکەی چاوەڕێتە»

حەنان چوار ساڵ لە ئیلهام گەورەتر بوو، ئەو تەمەنی بیست و هەشت ساڵ بوو، مێردەکەی کە دەروێشی حوسێن بوو، بۆ ئەوەی لە سەربازی دوورکەوێتەوە و بیبەخشن، گوللەیەکی لە دەستی خۆی دابوو، بەڵام ئەوە چەندجارە دەستی لە شوێنی جیاجیاوە دەبڕنەوە کەچی برینەکە هەر هەڵدەداتەوە، ئەو ژنە عەرەبە شیعە مەزهەبە بێپەروا دەیویست بە جوبە و لەچکی گەورە و پان و پۆڕیەوە جەستەی لە ئاگری بشارێتەوە، بەچاوی گەورە و فراوانیەوە لەودیو مێزەکەوە دەڕوانێ و هیچ جووڵە و کەسێکی لێ ون نابێت، دەڵێت:

– ها، کوردی شاخاوی، هەنگوینەکەمان تەواو بووە، خەمێکمان لێ بخۆ.

من پەلەمە نامەوێ بوەستم، دەڵێم:

– ئەمجارە من کارێکم هەیە، کارێکتەرێکم دەوێت بۆ چیرۆکێک کە دنیا بێ ئەو چیرۆکە، ناتەواوە!

ئەو دەڵێ:

– کارێکتەرێک؟

تۆزێک لەچکەکەی توند دەکاتەوە و بە زەردەخەنەیەکی شەیتانانەوە بەردەوام دەبێت

– دنیا بە چیرۆکێک تەواو دەبێت؟

گوتم:

– ئا، تەواوی تەواو.

ئەو دیسانەوە دەستی بۆ لەچکەکەی برد و گوتی:

– دنیا بە دەستێک تەواو دەبێت بۆ مێردەکەم.

من تاسام، چ ژنێک لە مێشکمدا نیشتەجێیە، تاسام و خەریک بوو بمرم، نەک بە وردی و ئەقڵی جوانی کە

بەڵێ دنیا بۆ ئەو دەستێکە و بەس، نا من بەو وشەی مێردە تاسام، وشەی مێرد لەسەر زمانی ئەو، من بە وشەی مێرد گێژ بووم لەناو دەمیدا، مێردی لە مرۆڤێکی سادە و بەستەزمانەوە بۆ کردمە منارەیەک، بۆ کردمە شمشێرێک، ئا مێردی بۆ کردمە نوقڵێک لە دەمیدا، تەنها بۆ یەکجار مژین بتوێتەوە. ئەو ژنە تەنها درۆیەک بوو، درۆیەکی گەورە و سادە، بێدەسەڵات و ملکەچ لە تەنیشت جەستەیەوە وەستابوو، جەستەیەک جلوبەرگی هەموو دنیا نەیدەشاردەوە.. لەپڕ، بێ ئەوەی دەسکاری لەچکەکەی کات، گوتی:

-بۆ تاساوی کەمم چیرۆک بۆ گێڕاویەوە.

من تەواو گۆڕام و بۆی نووشتامەوە و گوتم:

– تا مردن قەرزداری چیرۆکەکانتم. بێ ئەو چیرۆکانەی تۆ کوا دەمتوانی لەناو ئەو هەموو مەینەتیەی ئێرەدا بژیم.

بە سادەیی گوتی:

– لەبیرت ماون؟

بە ئەدەبەوە گوتم:

– هەرگیز ناتوانم داستانەکانت لەبیرکەم. حوسێن تا ئەبەد لە ناخی مندا خوێنی لێدەڕژێ، پێش تۆ من وامدەزانی بیابان تەنها حوشتر دەلاوێنێتەوە، تەنها بەدویەک لەو پەڕی غەمباریدا بەرانبەر ئاوابوونی خۆر شمشاڵ لێدەدات، لای تۆ بیابانم ناسی، حوشترێک، ئەوەی تۆ ناوت نا، حوشتری زەرد، هەزار ساڵە بەخۆی و تەرمێکەوە ون بووە، هەرگیز وێنەی ئەو پیاوەم لەبیرناچێتەوە کە چوو ئاو بێنێ، لە وەختی گەڕانەوەدا چل و دوو تیریان لێدا و ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی نەکەوێ و ئاوەکە بۆ بگەیەنێتە حوسێن.

ئەو گوتی:

– بێوەفا بڵێ حەزرەتی حوسێن.

ئێستاش لەگەڵ ناوی حوسێن ڕادەچڵەکێم، تەرمێک هەزار ساڵە بە کۆڵی خەڵکەوە، تاکە تەرمە زەمەنی خوێنی ناوەستێ، ئەو ژنە مێرد ئیفلیجە نائومێدی حوسەینە، هەرگیز ئەو وێنەیە لەبەر چاوم ناسڕێتەوە، ئەو وێنەیەی حەنان بە ترس و لەرزە و لەژێر جوبەکەی شاردبوویەوە و دواجار بە یادگار دای بە من، وێنەی ئەسپێک ئەسپێکی سادە و بێخاڵ، پەڵەیەک خوێن بە ملیەوە بوو، خوێنێک بە بۆنی توندیەوە، هەر کەس ئەو وێنە ببینێ، کە هەرگیز ناوی حوسێنیشی نەبیستبێ دەزانێ ئەوە خوێنی ئەسپێکی سەرگەردان نییە، دەزانێ ئەوە خوێنی مرۆڤە، ئەوە خوێنی شەهیدێکە، ئەو ئەسپە سوارەکەی گلاوە، چەند ژنێک لەباوەشیان کردووە، ئەو ژنانە تەنها و تەنها گلۆڵەی کەوتووی عەباکەیان و دەستیان دیارە، چ حەسرەتێک لەو دەستانەدایە، چ گفتوگۆیەکی پڕ نهێنی و ئینسان سڕکەر لەنێوان ئەو دەستانە و یاڵ و لمووز و گەردنی ئەو ئەسپە دێتە بیستن. من ڕووی تێدەکەم و دەڵێم «هەرگیز لەبیرم ناچێ، ئەی ئەو کۆترە بریندارانە»

ئەو لەوپەڕی حوزنیدا دەڵێت:

– ئەو کۆترانە ڕۆحی نازداری حەزرەتی عەلی چوکەڵەن، ئەو فریشتەیەی خودا، ئەو فریشتەیەی دنیا بەڕاستی چاوەڕێی بوو.

ئەو جارە کەمێک وشک و ڕەق گوتم:

– ئەی بەندەی حوسێن، من ئەمڕۆ ناتوانم نە چیرۆکەکەی تۆ و نە چیرۆکی فریشتەکانی خودا بگێڕمەوە، تەنها و تەنها کارێکتەرێکم دەوێت، بەدوای کەسێکدا دەگەڕێم، لە چیرۆکێکدا کارەکانم بۆ ڕاپەڕێنێ.

گوتی:

– کارەکانت چین، چیت لێی دەوێت.

من گوتم:

– ناکرێ هەر ئاواپێت بڵێم، سەرەڕای ئەوە هەڵەم کرد، کارەکانی من نا، کارەکانی خۆی ئەو دەزانێ بۆچی دێتە ناو چیرۆکەکەمەوە.

ئەو گوتی:

– کوردی بەدبەخت کارت بە کارەکانی ئەوەوە چییە، خەریکی هەنگەکانی چیا بە، بۆ هێندە پڕ نهێنی بووی، ڕاست و دروست بدوێ.

من گوتم:

– باشە، کاری هیچمان نییە، سندووقێک هەیە، نازانم چی تێدایە، نازانم لە کوێیە، ئەو کارێکتەرە دێت و من لەو نهێنییە ڕزگار دەکات.

ئەو گوتی:

– کام نهێنی.

من گوتم:

– نهێنی ناو سندووقەکە.

ئەو گوتی:

– ئەو سندووقە کلیلێکی تێدایە.

گوتم:
-چیدیکه
ئەو گوتی:
- ئەو کلیلە ژمارەیەکی لەسەر نووسراوە، ئەگەربیانکەیتەوە بە پیت ناوی حوسێن دەردەچێ، لە دیوەکەی دیکەی نەخشەی شوێنێک کراوە، بێگومان رەمزە، دەبێ بمبەی، با ئەو نەخشەیە ببینم، هەموو نهێنییەکانت بۆ ئاشکرا دەکەن.
دەمویست ئەو ژنە جێبهێڵم، دەمویست لەو کۆڵانەی مێشکم تێپەڕم، ناکرێ ئەوەندە کات بەفیڕۆ دەم، لەگەڵ کەسێک کە دڵنیام بۆ ئەو کارە نابێ، ئەو بەدوای نهێنی خۆیدا دەگەڕێ.
جارێ تەواو دوور نەکەوتبوومەوە، پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانە، پیاوێک هەموو لەشی فێڵ و نهێنی بوو، تاکە نیگای سادەی نەبوو، دەستە پان و قورس و بەگرێیەکانی خستە سەر شانم و گوتی:
- با ژن ئێمەت لەبیر نەباتەوە.
بەڕاستی ئەو پیاوە دەنگیشی ئاسایی نەبوو، دەنگی لەوە دەچوو بە بیابانێکی زیەڵێندا تێپەڕێت جا بگاتە گوێم، دەنگێکی وشک، وشک بەڵام پڕ گرێ، تاکە شتێک لەگەڵ سروشتی ئەو پیاوە ناکۆک بوو، قژ و سمێڵە زەردەکەی و چاوە قاوەییە کاڵەکانی بوو، لەوە دەچوو لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا لە دیلێکی ستاندبێ، کازم حەنتوش بە هەموو قورسایی خۆیەوە لە کۆڵانێکی دیکەی مێشکم لەبەردەم دوکانە قەسابییەکەی لە سەعدوون، بە خۆی و ئەو هەموو خوێن و پانتۆڵێکی کاوبۆی بێڕەنگەوە، دیسانەوە پێکەنی و گوتی:
- جوجکە گورگ خەریکە منت لەبیر دەچێ.
گوتم:
- ئەی کوڕی حەنتوشی هەزار برین هەرگیز تۆم لەبیر ناچێ، بەڵام من کارێکی زۆر بەپەلەم هەیە.
ئەو هەر بە دەنگە گڕە پڕ دڕکوداڵەکەی، گوتی:
- جوجکە گورگ لەوانە گەڕێ، بڕۆ ژوورێ لە پشت پەردەی دوکانەکە ژنێکم بۆ داناوی، ژنێک تەنها و تەنها سێ شەو لای مێردەکەی بووە، بڕۆ ژوورێ لە من زۆر دەترسێ.
گوتم:
- بۆ خاتری خودا حەنتوش، دڵ و جەرگی ئەو ژنانە خۆ دڵ و جەرگی مەڕ و بەرخەکانت نییە وا لەت و پەتییان دەکەی، ئازادی کە.
ئەو پێکەنی و گوتی:
- خۆت گێل مەکە، خۆ زیندانیم نەکردووە، خۆی کاسبی دەکات، سێ ڕۆژە بەخێوی دەکەم، من کوڕی کەرم پیاوەتی لەگەڵ تۆ دەکەم.
کچێکی باڵا بەرز، لەو دیو کەلاکی هەڵواسراوی مەڕە سەربڕاوەکانەوە، بە حەزێکی وەحشیانەوە تەماشای کردم و پێکەنی. گوتم:
-من نە بۆ سەردانی تۆ هاتووم و نە بە دوای ژندا دەگەڕێم، من کارێکتەرێکم دەوێ بۆ چیرۆکێک، چیرۆکێک چاوەڕێم دەکات.
ئەو گوتی:
- من بەرە، لەگەڵتم، چی گرێ هەیە بۆت دەکەمەوە، ئەو کچەش دێنم، من بەڕاستی قەسابم کوردی دەست و پێ سپی.
من گوتم:
- من قەسابم ناوێ، دەشێ شمشاڵ ژەنێکم بوێ. دەشێ شێوەکارێکم بوێ، بەڵام قەساب نا.
ئەو هاواردەکات:
- کوڕە کوردە کەرە، ئیش بە قەساب نەبێ بەکێ دەکرێ، دەبڕۆ نووری بەسراوی بەرە، ئەوەی وێنەکەی تۆی دروست کردبوو لە سەگ چووبایە لە تۆ نەدەچوو.
من دەتاسێم و خەریکە بگریم و گوێم لە دەنگی خۆمە دەڵێم:
- نووری، ئەوەی کچە نەجەفییە چاو سەوزەکە حەزی لێدەکرد، من لە چاوەکانی ئەودا زانیم نووری تەمەنی کورتە، کورتە هێندەی تەمەنی ڕێحانەیەک، نووری هەر بەهۆی ڕەنگەکانییەوە لەسەر ئەو ڕەنگە سوورەی مەڕەکانی تۆ لە سێدارە درا، من کارێکتەرێکم دەوێت بۆ چیرۆکەکەم، جەنازەیەک چی لێ بکەم.
نووری بە دشداشەیەکی سپی و جووتێ نەعلی پانەوە لەو سەری کۆڵان، لە لاپەڕەیەکی دیکەی مێشکمدا سەر دێنێتە دەر و فلچەی بۆیە کردنەکەی بە دەستەوەیە، دەڵێ:
- ئای هاوڕێی ڕۆژی تەنگانەم، من بوومە جەنازە و کارێکت پێم نەماوە، من بۆیە چوومە بەردەم سێدارە تا تۆی ناموبارەک لە شوێنێکدا زیندووم کەیەوە، کەچی

دیاره بۆ کارێکتەرێکی بێ کەڵک و لاوەکیش دەست نادەم.
من زۆر پەژموردە و بێ دەسەڵاتانە گوتم:
– من حەز دەکەم لەو سێدارە نەحلەتییە داتگرم لەگەڵ خۆمت بەرم، من نازانم دواتر چیم لێدەکەی، دەتبەم و لەناو مێرگێک لە گوڵە نێرگز دەتنێژم، گوڵێک لەوانەی پێیان دەڵێن گوڵی سلێن، ئەو جۆرە گوڵەی هێندەی باڵای خۆت درێژ دەبێت، ئەو گوڵەت بۆ دەکەم بە کێل و لە ژوور سەرتی دەچێنم.
من لە خەمی ئەوەشدا بووم نووری نەتوانێ دڵی ئەو گوڵەی سلینە لە تەنهایدا بداتەوە، چونکە ئەو گوڵە تاکە گوڵێک دەبێ لە شێوەی خۆی، گوڵێک تاک و تەنها، شەرمن و بێدەنگ، تا مانگ هەڵنەیەت و بانگی نەکات نا پشکۆی و دەم ناکاتەوە.
دواتر گوتم:
– من ئەو گوڵەت لە ژوور سەر دەچێنم هەرچەندە ناشزانم لەگەڵ هەستانەوەت لەم دنیا، یان لەو دنیا بە شمشێرەکەت چەند لەتی دەکەی.
نووری هەر بەو جەلانەوەی یەکەم ڕۆژناسیم، لە ژوورێکی پەنای مێشکمدا کە یەک تاکە ژوور لەو لای ژووری ئیلهام و حەنانەوە بوو گوتی:
– کوڕی باش من تەنها دەتوانم فلچەی وێنەکێشان بەدەستەوە بگرم، تەنها دەزانم ڕەنگەکان تێکەڵ کەم، لەبیرتە چەند بە کێشانی وێنەکەتەوە خەریک بووم.
من بە دەنگێک، کە دەنگی خۆم نەبوو، گوتم:
– ئەوەیە مەترسی گەورە، کە وێنە کێشەکان دەبنە جەللاد، چیرۆکنووسەکان دەبنە ڕموەشێن و شاعیرەکان ژەهرڕێژ. نووری بەستەزمان تۆ نازانی کێ لە ناخی تۆدا نووستوە، کەس نازانێ کێ لە ناخی تۆدا بەخەبەر دێت، بەهرە و حیکمەت و جوانی لەبەردەم ئەو پیاوەدا هیچ نین، نووری برام تۆ، ئینسانەکانی ڕۆژهەڵات لەو گۆڕانە جیۆلۆجییەی بەسەریان دێت دەبنە بەرد، بەرد بە هەموو جۆرەکانی، تەنها پەیکەرتاشەکان دەزانن کێی لە ناخدا بە ئاگا دێن. تۆ لەو ڕۆژهەڵاتەدا بەردی و وەستا باشییەکەت ئارەزووکات دەتکاتە ڕابەری ئاشتی و حەزیشی لێ بێت دەتکاتە قەڵغانی شەڕ و دەتوانن لەو بەردەی تۆ سەگێکی نووستوو بەخەبەر بهێنن.
نووری بەهەمان شەرمنییەوە کە لەبەردەم ئەفسەرەکان دەوەستا، گوتی:
– هاوڕێ گێلەکەم تۆ کەنگێ ئەوەندە فەیلەسووف بووی، باشە وێنەکەی بۆم کێشای ماوتە؟
گوتم:
– بۆ نا، کەوتبوو ماڵی خزمەکانم، چونکە تا من گەڕامەوە ماڵێکم نەمابوو، دیوارێکم نەما، بۆ ئەوەی وێنەی پێداهەڵواسم، هەروا بە ئەمانەت لە ماڵی خزمێکم دانا. ئەوەندەیان خۆش ویستبوو هەرکەس ویستبووی بۆ خۆیم بەرێ، لە ناوەندەوە کردبوویانە دووبەش، خاڵێکم چاوێکم و لاسمێڵێکم و چەند ددانێکی ژەنگاویی بەرکەوتبوو، ئەو پووردم کە کوڕەکانی ئەنفال کران چوارچێوەکەی کردبۆ هێلانەی کۆترەکانی کوڕە هەرە چکۆلەکەی، یەکێکی دیکەیان دەستێکم و پارچەیەک لە کراسە شینەکەم و هەندێ لە گوێێ چەپمی بەرکەوتبوو، ئەو هەر بەسەر سێدارەکەیەوە، گوتی:
– وەک من شوێن بزر نەبووی، بۆنتم خستۆتە ناو هەموو ماڵە خزمەکانت.
من گوتم:
– ئێستا دەبێ بڕۆم بەدوای کاری خۆم کەوم، کارێکتەرێکم دەوێت بۆ چیرۆکێک، مەرج بێت دوایی بێم و ورد ورد بۆتی بخوێنمەوە.
ئەو گوتی:
– ئا کەسێکت دەوێ بەشەکانی وێنەکەت بۆ کۆکاتەوە؟ ها کەسێکت دەوێ ددانە ڕزیوەکانت لە کەسێک و چاوە بێ حوکم و سمێڵە هەتاو بردووەکەت لەکانتۆرێک و گوێیە مشکییەکانت لە باخەڵی یەکێکی کەدا بۆ بدۆزێتەوە؟ ها پیاوی ئەمانەت یادگاری خۆشەویستان وا هەڵدەگیرێ؟
من شەرمەزار و بێ حەوسەڵە، ئەو ناهێڵێ قسە بکەم و دووبارە دەڵێ:
– یان کەسێکت دەوێ بەدوای کوڕەکانی پوورتدا بگەڕێ، تەنها من شوێنی ئەوان دەزانم.
من دەڵێم:
– پەیمان بێت، بچم هەموو پارچەکانی وێنەکە کۆکەمەوە، لەهەر هەموو خزمەکانم تووڕە بم، چونکە من دەزانم ئەوان هەر بۆ گاڵتە ئەو بەشانەی منیان بردووە، نە بیریان کردووم و نە خۆشیان ویستووم، دەڵێم براینە ئەو ددانەی منتان بۆ چییە کە ناتوانن جارێک بیانشۆن، کوا

بۆ جارێک چاویلکەکەتان بۆ سڕیمەوە، قەت بۆنێکتان لە سمێڵەکانم هەڵسوو، شەرت بێ لەو پوورەشم توورە بم کە بەستەزمانە چوارچێوەکەی کردۆتە هێلانە کۆتر بڵێم خنکام لەناو ئەو هەموو جیقنەدا، بەڵام دەبێ ببووری من ڕەنگەکانی تابلۆکەم دەست ناکەوێتەوە، ئەو ڕەنگانە بەر خاڵێکی دیکەم کەوتن ئەویش ئەوە چەند ساڵێکە مردووە و لەو هەموو سامانەی هەیەتی تەنها ڕەنگەکانی منی لەگەڵ خۆی بردووە، تۆ هەر ڕێگام بدە بڕۆم و ئەو کارێکتەرە بدۆزمەوە دڵنیام زۆر نزیک بوومەوە لێی.

خۆم لەو دەدزمەوە و بەخێرایی لە کۆڵانە چۆڵ و بێدەنگەکانی مێشکم تێدەپەڕم، نازانم ئەو کۆڵانانە هی چ زەمەنێکن و چۆن بووە ئەوەندە بەتاڵن، بەڵام پێشیان دڵخۆشم، چونکە خاوێن و دڵ ئارامکەرەوەن. ئیدی ڕاناکەم و هێواش تێدەپەڕم، ئارەزوو دەکەم ئەو کۆڵانانە درێژ ببنەوە، درێژ ببنەوە بۆ ئەو سەری دنیا، ئەوانە هەر بەناو کۆڵانن، دەنا وەک شەقامە قیرتاو و پڕ دارەکانی لەندەن ڕەنگاوڕەنگن، دارەکان بە تەمەنن و ئەستوور و پتەون، لەبەرزبیەوە لقە عاشقەکانیان تێکەڵ یەکتر بوونەتەوە، لە هەموو سووچێکی ئەو شەقامانەی لەندەن عەشقێک بە تاسەوە هەر بە ڕەنگی عەشقەوە چاوەڕێیە. ئەو کوڕ و کچانەی دەیانەوێ شتێک لە جوانییەکان لای خۆیان بهێڵنەوە، لەناو زبڵدانەکانی شاردا بۆ ئەبەد نەڕزن، دەبێ لێرە، لەو کۆڵانە لەندەنییە ئارامانەدا لەگەڵ دارێک، لەگەڵ شۆڕەبییەک ژوان دانێن. ئیدی دەکرێ لێرە کەسێک، کارێکتەرێک بۆ چیرۆکەکەم هەڵبژێرم، هەر لەوێ تاریکییەک دەبینم، تاریکاییەکی کپ، لە خنکان کپتر، تەواو شارەزای ئەو شوێنە کپەی مێشکم نیم، بۆیە دەچمە پێش و دەرگایەک بە ڕەنگی تاریکییەکە دەبینم، دەچمە پێش لە نزیکەوە دەرگایەکە سەوزێکی تۆخە، دەرگاکە ڕادەکێشم و توندە، زۆر توندە، دەسکەکەی بە دەستمەوە دێت و پشتاو پشت وەک تایە گلۆر دەبمەوە، پێش ئەوەی بکەومە هەڵدێرێکەوە، هەر لە پەنا ئەو کورسییانەی غەمبار و تەنها لەوێ جێمابوون کەسێک دەمگرێتەوە، هەردووک دەستم دەگرێت و بەلچ و لێوە ئەستوور ەکەی بە ئینگلیزی دەڵێت:

– ئەو دەرگایانەی عەشق کە داخران ئیدی هەرگیز ناکرێنەوە.

من لە چاوە بێ ئەنداز فراوان و بێئەنداز ڕەشانەیدا خۆم دەبینم، ڕەنگ پەڕیو و زەرد، وەک هەمیشە لە باوەشم دەکات، خەریکە لەناو جەستەی نەرمیدا ون، ون بم. جا ئەو کچە قولەڕەشە ئەفریقاییە بێڕادە نەرمە.

هاوار دەکەم و دەڵێم:

– نەلوین نۆمۆمبا مەکە،

نەلوین پێدەکەنێ و ددانە سپی و پان و ساغەکانی دەردەکەون، دیسانەوە بە خۆیەوەم دەکوشێ و ماچم دەکات، منیش دەڵێم.

– شاجوانی ئۆگندە.

ئەو دەڵێ:

– لەو کاتەوە چەندان شاجوانی دیکە هەڵبژێردران.

من دەڵێم:

– من تەنها تۆیان لێدەناسم. تاکە شاجوانی.

ئەو دەڵێ:

– با بچینە ئەو دیو، لەسەر کورسییەکانی مەیدانی وەرزشەکە دانیشین و جگەرە بکێشین.

من دەڵێم:

– نەلوین، ئێستا نا، زۆر شت هەیە ئێستا تۆ نایانزانی، من کوڕە بێباک و دڵسووکەکەی جاران نیم. دەبێ بگەڕێم کەسێکم دەوێت، کەسێک، بیکەمە کارێکتەری چیرۆکەکەم، کەسێک متمانەم پێی بێت و هەموو شتێکی خۆمی بدەمێ و...

ئەو دەڵێ:

– لە من باشتر، من دێم، متمانەت بەمن نییە.

من دەڵێم:

–کەسێک متمانەم پێی بێت، ئەو هەڵم خەڵەتێنێ.

ئەو دەڵێ:

– بۆ هێندە کەری، وەرە دەچینە ئەودیو کەسی لێ نییە من نەفەس لە جگەرەکەم دەدەم و تۆش لە من.

من دەڵێم:

– لە مەمکە قیت و خڕ و پڕ شوکولاتیانەی تۆ خۆشتر و جوانترم نەدیوە.

من دوای نەلوین حەزم چۆ ڕەنگی قاوەیی تۆخ، حەزم چۆ مۆتەی سەر بەقاوە، حەزم چۆ قاوەی خەست و لیتەیی. بەڵام من ئێستا دنیام لەسەر شان بارە دەبێ کارێکتەرێک بدۆزمەوە، ئەمانەتەکانی هەموو بدەمێ، لە کولەکەی ڕۆحمەوە تا دەرپێ کورتە دڕاوەکەم، هەر هەموو ژیانم ئەویش ڕێک و باریک، بێمووبالاتانە و سارد و

ساده فێڵم لێ بکات و ئاورم لێنەداتەوە.
ئەو گوێ ناداتە ئەو هەستە سەیر و سەمەرانەی من، دەستم دەگرێت و دەمبا لەو دیو لە دوورترین کورسی دادەنیشین. لە باوەشم دەکات و دەڵێ.
– هاورێ غەمگینە کوردەکەم، چۆن بەرگەی ئەو هەموو زەردبوونە دەگری، ئەو چاوە زەردانەی تۆ لە بیابانە وشکەکانی هەموو دنیا پڕ حوزنترن.
دواتر دەڵێ:
– ئەی هاورێ هیچ نەدیوەکەم. بەو چاو و دەنگ و هەناسەتەوە چۆن دەژی. هەموو ئەو شادییەی لە مەیموونەکانی ئەفریقاوە فێری بووم تۆ خەریکە لێمی دەستێنییەوە.
من دەمەوێ دەستی بگرم و قۆپچەکانی کراسە سپییە ئاوریشمەکەی نەکاتەوە، دەمویست حاڵی کەم کورەکەی جاران نیم، ئەو کورە نیم بتوانم شوکولاتەی سنگی بلێسمەوە، ئەویش دووکەڵی جگەرە درێژ و قورسەکەیم بەسەردا کات.
پێستی لووس لووس وەک شوکولاتە، من گوتم:
– ئەی مرواری ڕەش، ئەی ژنی کیشوەری مێ، من هەموو لەزەت و حەزەکانی خۆمدایە چۆلەکەیەک، چوێلەکەیەک لە شەری براکوژیدا هێلانەکەی سووتا و ئاوارە بوو، ڕستە جوان و زمانە شیرینەکەی خۆم دایە گەنجەکانی وڵاتەکەم کۆچیان کرد و بردیان. کوولەکەی رووحی خۆمم دایە ژنێک، ژنێک لە تەریقبوونەوەدا مرد، من ئێستا جگە لە قەڵەمێک لە پووش وشکتر هیچی دیکەم نییە.
کارێکتەرێکم دەوێت، کارێکتەرێک خۆشی بوێم، خۆشم بوێ تا پلەی مردن، دوامکەوێت و بۆنی شوێن پێکانم کات، بۆم بگریەت و بیرم کات. منیش هەموو شتەکانی خۆمی بدەمێ، بۆنی پێستم و بۆنی عەترەکانم، تەمەنم و گۆرانییەکانم، دەرگای چیرۆکەکانمی بۆ بخەمە سەرپشت، ڕستە و وشەکانی پڕ پڕ کەم لە شیعر. ئەویش بە سادەیی سەر برینی چوێلەکەیەک، سەرم بڕێت و خیانەتم لێ بکات و هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە تاکە وشەیەکی ئینگلیزیم بۆ بنێرێتەوە، یان تەزوویەک کە لە بن پەنجە تووتەی حەشارم داوە.
من دەمەوێ برۆم و نەلوین پێڵاوەکانی دادەکەنێ و دووکەڵی جگەرەکەی کە من هەست دەکەم کۆکاینیشی تێدەکات، بە هەموو ژوورەکانی مێشکمدا بڵاودەکاتەوە. مامۆستا فیراس لەوسەری ڕارەوێکی داخراوی مێشکم چاوەڕێیە و ئەو نازانێ کچەکەی کە لەگەڵ ئێمە دەیخوێند لە کام ژووری لای من جێ هێشتووە، ئەو هەمیشە ئاگای لە ماچ و موچەکانمان هەیە. نەلوین دەڵێت:
– من بەرە هەرگیز خیانەتت لێناکەم.
من دەڵێم:
– نا ئەو کەسە دەبێ خیانەتم لێ بکات، دەشێ ژنیش نەبێت، لەوانەیە هاوکار و هاوڕێیەکم بێت.
ئەو بە زمانێکی سەیر و پڕ مۆسیقا دەڵێت:
– ژیان ئەوەیە بەگونتدا تێدەپەڕی نەک بە عەقڵتدا.
من لە ژێر دارمۆزەکان گەورەبووم، من ئەوەندەی گڵم خواردووە نانم نەخواردووە. من ئەوەندەی لەژێر باراندا خەوتووم نیو ئەوەندە لەناو ماڵدا ڕانەکشاوم. مەیموون و مێروولەکان لە من نزیکترین تا خەڵک، تۆ بۆ ئەوەندە لە مێروولەیی خۆت دوورکەوتوویتەوە!
نەمزانی چۆنی بۆ ڕوون بکەمەوە، چۆن تێی بگەیەنم، گوتم:
– وەختێک خۆشەویستی بگۆڕینەوە بە ڕق.
ئەو گوتی:
– بۆ هێندە شێواوی، با وەک سەگ بژین، تەواو وەک سەگ بە سەعات جووت بین و یەکتری بگرین دواتر پشت بکەینە یەکتر بۆخۆمان بە وەفا بین.
گوتم:
– ئێستا تێگەیشتی شوکولاتە.
چاوە ڕوونەکانی لەبیر خۆم دەبەمەوە، دەڕۆم کارێکتەرەکە بدۆزمەوە، من بەو هەموو یادەوەرییەوە، لە کۆڵانێکی مێشکم، لە پەنایەک، لە ژوورێک، لەسەر ڕێگایەک ناتوانم ئەو کارێکتەرە بدۆزمەوە. هاتمە دەر و ئەوم بەجێ هێشت، ئاورم دایەوە تەماشای نەدەکردم ئاوی بە مەمکە شوکولاتیەکانیدا دەکرد، سێ قۆپچەی کراسە تەسکەکەی کردبۆوە، ئەو هەرگیز ستیانی لەبەر نەدەکرد، گۆی مەمکی قیت و ڕێک بۆی دەڕوانیم، چاوی تا دوا پلە بچووکردبۆوە، جارێ هەر تامی شوکولاتەم لە دەمدا بوو.
لە شەقامێکی قەڵەباڵغی مێشکم لەناو دەیان کەس، ناوپاسێکی سیخناخ، کەسێک کە گۆچانەکەی بە دەستی چەپ گرتبوو، دەڵێت:

– کوردە گێژەی هاوڕێم، ئەوەتام، من ئەو کارێکتەرەم تۆ دەتەوێ،..

زانیم وەیس کە قوتابییەکی خەڵکی سوریا بوو، لە قوولایی زاکیرەمدا ئاگای لە هەموو گەڕانەکانم بووە، بە هێمنی و وردی نابینایەکەوە ئارامی گرتووە، یان زانیویەتی هەر دێمە ڕێگای، گوتم:

– لەناو ئەو هەموو خەڵکە، چۆن منت ناسییەوە هەی بێ ئیمان.

– هەرکەس یەکجار دەنگی ببیستم هەرگیز لەبیرناکەم.

یەکتریمان ماچ کرد و گۆچانەکەی بەرلاسمتی چەند کەس کەوتن، ئەو کەسانە بێ مۆڵەت هەروا کەوتبوونە مێشکی منەوە؛ گوتم:

– برا شیرینە نابیناکەم، تۆم بۆ کاری گەورە هەڵگرتووە، کارێک تەنها بە کوێرێک دەکرێت، ئەویش ڕووناککردنەوەی دنیایە، ئێستا کارم بە کارێکتەرێکی بچووک و سادە هەیە.

پێکەنینێکی شەیتانانەی کرد و گوتی:

– بچووک، حەنان، یان سومەییە، یان سەحەری مەمک گەورە.

گوتم:

– نا وەیس ئەوانە خوشکمن، خوشک.

گوتی:

– هەی زۆڵ لەو قسە بێمانایانە گەڕێ ، وەرە با ئەوشەو پێکەوە بین.

یەکەم جار کە وەیسم ناسی دەبوو هەموو دەرسەکانی لەسەر کاسێت بۆ بخوێنمەوە، هەر کە بووە ئاشنای کچەکان ئیدی کاری بە من نەما و دەیگوت دەنگی ئەوان ڕوونتر و خۆشترە، بەو شەوە درێژانەی زستان دەچووە ژێر بەتانییەکەی و گوێی لە وانەکانی دەگرت کە یەکێک لە کچەکان پێشتر بۆی خوێندبۆوە، دنیایەک کاسێتی بە دەنگی کچان هەبوو، هەر ئەوەش وای کرد لە هەموو وانەکانیدا بە نایاب دەرچێ، لە دەنگیانەوە وەسفی کچەکانی بۆ دەکردم، من کە کچەکانم دەناسی و لەگەڵیان دادەنیشتم، بە وەسفەکانی ئەو ڕادەچەنیم، شەوانی دوور و درێژمان بە وێناکردنی کچەکانەوە بەسەر برد، ئەو لە دەنگیان و لە نەبرە و هەناسەیانەوە وەسفی دەکردن، ئەویان ئەلف بە درێژ و ناسکی دەڵێ ئەویان لەسەر پیتی «ت» زمانی دەگیرێ و «سینی» ئەوی تریان وەکو دوشکردنە، دال کردنەوەی دەرگایە و میم لای یەکێکی دیکەیان نووستنە. ئەم وێنانەی وەیسی نابینا بۆ کچەکانی دەکرد زۆر ڕاستەقینەتر بوون لەو شکڵ و شێوەیەی هەموو بەیانییەک لە زانکۆ کچەکانم تێدا دەدیت.

ئەو دەیگوت:

– لە پشت ئەو دەنگەی سەحەرەوە کچێک وەستاوە ڕووت سکی تۆزێک ئەسمەرە و ڕانەکانی سپی سپین، جەستەی هاوار دەکات و خۆی دەستی بە دەمییەوە گرتووە، دەیگوت «گوێت لەو دەنگە نەرم و شیرین و حەڵوایەی ڕەنا بێت، دەنگێک بە توندی با لە باوەشت دەکا»

ئەو دەیگوت:

– کوردەی برام، تۆ وەک من گوێی لێ بگری لە باوەشی ئەو دەنگەدا دەخنکێی. کارت بە چاوەکانت نامێنێ.

دواتر وەیس پێدەکەنی و دەیگوت:

گوێ لەو دەنگە بگرە، لە پشت ئەو دەنگە پان و پڕ ورشەی هەناسەیە، هەست دەکەم تەنانەت لووتی بۆ ئەوە دەبێ لەگەڵی جووت بیت.

من کەمێک نیگەران دەبم و دەڵێم:

– کوێرەی زۆڵ تۆ گوێ لە دەرسەکانت دەگریت، یان سێکسیان لەگەڵ دەکەی.

ئەو دەڵێ:

– جگە لە کەرێکی وەکو تۆ، کێ ئەو لاپەڕە بێدەنگانەی بۆ لەبەر دەکرێن.

من گوتم:

– فەیلەسووفەکەم ئێستا تەنها بۆ ئەوە هاتووم، کارێکتەرێکم دەوێت، ڕۆڵێکی بچووکی لە چیرۆکەکەمدا هەیە و خۆی شاردۆتەوە، دەنگی کاسێتەکانی تۆ بە ڕۆمانێک نانووسرێتەوە.

ئەو دەڵێ:

– من بەرە، بە هەموو دەنگەکانمەوە، پەیمان بێت تا سەر ئێسقان دڵسۆزت بم.

– دڵسۆزی چۆن حاڵی بووی؟

ئەو گوتی:

– هەموو شتەکانت لێوەردەگرم، ببمە جێگای بڕوات، ئەوەندە لێت نزیک بم، بێ من نەژی، هەر لەو کاتەی کە

بەبێ هەناسەی من هەڵناکەی و خۆت بە کوڵک و پێستەوە بەمن دەسپێری، منیش خیانەتێکت لێ بکەم بەرگەی نەگری و تەواوی تەمەنتی لەسەر دانێی، یان هەر بتۆپی.

یەکەم جارە لەو گەڕانەمدا هێندە گیرۆدەی کارێکتەرێک بم، یەکەم جارە ئەو هەموو مرۆڤانەی دنیا نەتوانن جێگای کەسێکم بۆ پڕکەنەوە، چەندان ئەوەندەش مرۆڤی خۆم هەیە، ئەو مرۆڤانەی خۆم خەڵقم کردوون، سوپای ئەو مرۆڤانەش بەسەر دەکەمەوە. نازانم بۆ خەڵق کردنی هیچ کارێکتەرێک دانەماوم، هەروەک دیوەکەی ناو فانۆسی سیحری، زۆر لەوەش زووتر بە دەستمەوە دێن، دەشێ وەیس کارێکتەرێکی باش بێت، من دەتوانم چی بدەم بەو پیاوە کوێرە و دواتر ئەو خیانەتم لێ بکات، من لەتاو ئەو خیانەتەی بمرم، نا من هەرچی بۆ پیاوێکی کوێر بکەم هەرگیز چاوم لێی نییە، خوای دەکرد ئەو بەر شەقی دەدام و هەزار جار فێڵی لێ دەکردم.

ئەوتا ئەو کاتە لەبەردەمم وەستابوو، ڕێگای شەقامێکی گەورەی مێشکمی گرتبوو؛ گوتی:

– نا، من دەتوانم خیانەتت لێ بکەم، دەتوانم دوای ئەو کچە کەوم کە خۆشت دەوێت، دەنگی تۆمارکەم و بیهێنمە ناو نوێنەکانمەوە. هەر بەو کوێرییەی خۆم بچمە ژوورەکەی ئەو کچەی ناوت ناوە «نیاسوو» لەباوەشی کەم و هەڵیگلۆفم، غەرق غەرقی کەم.

گوتم:

– نا، نیاسوو ڕێگات نادات، تۆ ناتوانی ئەو خیانەتەم لێ بکەی.

گوتی:

– نا، تۆ سەرەتا هەموو شتەکان بە من دەبەخشی، دڵنیایی و خۆشەویستی و متمانە. من متمانەی کوردێکی وەک تۆم بۆچییە کە دەزگیرانەکەی پێ فریو نەدەم. من متمانەی کەسێکی وەک تۆم بۆ چییە داڵغە بە خوشکەکەیەوە لێنەدەم.

من کەمێک سووربوومەوە و گوتم:

– نیاسوو بە قسەکانی تۆ هەڵناخەڵەتێ، ڕووت تێناکات و بە پیاوت نازانێ، ئەو خەون بە منەوە دەبینێ، قەڵەمەکەی، دەفتەر و ئۆکسفۆردەکەی،پێڵاوەکانی و دەرپێ ڕەنگاو ڕەنگ و پاقلاوەییەکەی ژێرەوەی، خاڵە قاوەییەکەی سمتی هەر

هەمووی بۆنی منی لێدێت. بۆنی منی داوتە خوشکەکانی، دایکی لە بۆنی مندا غەرق کردووە، ژوور و بەتانییەکەی بۆنی منی لێدێت. ئەو هەرگیز کەسی لەگەڵ من لێ تێکەڵ نابێ، کەس بە من ناگۆڕێتەوە. ئێستا ڕێگام دە بڕۆم و کارەکەم تەواوکەم، لە دۆزینەوەی ئەو کارێکتەرە کارێکی گرنگترم نییە.

ئەو هێندەی دیکە لێم هاتە پێش و گوتی:

– گوێ بگرە هەی بێ مێشک، تۆ هەرگیز نهێنی پیاوێکی کوێرت بۆ کەشف ناکرێ، شارەزای سیحرەکانی من نیت، تۆ تەنها هەڵم بژێرە، هێندەم خزمەت کە قەرزدارت بم، ناوی خۆتم بدەیە، هێزی خۆتم بدەیە، پارە و سیحرەکانیشت، خۆشت بوێم و هۆگر و ئاڵوودەم بە، بزانە چۆن بێ ئەوەی ئاگاداربیت، چۆن نیاسوو هەڵدەخەڵەتێنم. لەگەڵی دەنووم و عاشقم دەبێت، هەموو جوانی و خۆشی و شتەکانی تۆم دەداتێ، وادەکەم تفت لێ بکات و هەرگیز ناوت نەهێنێ. بێزی لێت بێتەوە. تۆ نازانی ژن وەک پیاو گێل و کەر و بێ دەماغ نییە، ئەوەندە گیرۆدەی ئەو دنیا ڕۆمانسییە پڕ درۆ و فێڵە نییە، ئەو سادە و ساکارە، ئەو گوڵە و ژیان و زیندوویەتییە، ئەو دەتوانێ هەموو ڕۆژێ عاشق بێتەوە، تۆ ئازادی کە، تۆ چاوە ئەفسووناوییە حیزەکانتی لێ دوورخەوە بزانە چۆن عاشقم دەبێت و بۆ کوێری و قوڕ بەسەرییەم دەمرێت، منیش لەدڵەوە هەر پێت پێدەکەنم و گاڵتەت پێدەکەم، تۆ ئەو دەم شێت شێت دەبیت و دەدەیتە ئەو کێوانە، هار دەبیت و چاوت دەردەپەڕێ و دەمریت، تۆ نازانی من لە کوێوە دەچمە ناوی، لە کوێوە گیرۆدەی دەکەم.

من هەر بەڕاستی دڵم کەوتە پەلەپەل، گوتم:

– وەیسی برام، دەزانم تۆ پیاوێکی پڕ نهێنی، خۆشم دەناسم هەموو کەس دەتوانێ هەڵ خەڵەتێنێ، بەڵام خیانەتی پیاوێک شێتم ناکات، خیانەتی پیاوێک بەس نییە، ئەو چیرۆکەی من بەوەندە تەواو نابێت.

سەرەڕای ئەوەش خیانەتی پیاو لەبیردەکرێت، جارێکی دیکە نایەتەوە ڕێگامان. دەتوانم تۆ بە هەموو خیانەتەکانتەوە لەبیرکەم. بۆ ئەبەد لەبیرت کەم.

وەیس مات بوو، نەمدەزانی وا زوو دەبەزێ، ڕۆژێک لە نهۆمی خوارێ پێکەوە خواردنمان ساز دەکرد، لەپڕ کارەبا کوژایەوە، من نەمدەزانی چۆن بچینەوە ژوورەکەی

خۆمان، ئەو گوتی وەرە دەستی من بگرە. من شارەزام، من لە تاریکیدا شارەزای دنیام. ئەو دەیگوت من زۆر دەمێکە چراکانم کوژاندۆتەوە. هەر ئەو ڕۆژە ویرام لێی بپرسم لە تاریکیدا چۆن دەبینی؟ ئەو گوتی بەلای تۆوە تاریکی چییە، تاریکی لە خوار ڕووناکییەوەیە؟ تاریکیش ڕەنگەکانی خۆی هەیە. من لە قووڵایی بووندا دەژیم، خودا پێش ئەوەی ڕووناکی خەڵق کا چۆن بینیویەتی؟ بنەپێم هێندەی کەللە سەری سەد چاوساغ عەقڵی تێدایە. پەنجەکانی کوێرێک، نینۆکەکانی سەد هێندەی چاوەکانی ئێوە دوور بینترن، وەرە لەو بێکارەباییە بە پلیکانەکاندا دەستت بگرم و بتبەمەوە ژوورەکەی خۆت، با قۆریە چاکەشت بە من بێت.

من خێرا گوتم:

– نا من وابیر ناکەمەوە، بەڵام توخوا پێم بڵێ چۆن هەست بە جوانی کچەکان دەکەی؟

ئەو گوتی:

– تۆ ئێستا تەنها ڕەنگی جلیان و شێوەی دەموچاویان و قژیانت دێتە بەر چاو، من لە قووڵایی دەنگیانەوە دەیانبینم، هەناسەیان کە لە ناخیان دێتە دەر، گەرموگوڕییان لە پێستیانەوە، لە پەنجەکانیانەوە، تۆ تا دەمری لەزەتی «لەمس» نازانی، نامەی بەرەدەست و دەموچاوەکان تێناگەی. ئێوە جگە لەوەی قژ هەندێ داو و مووی ڕەشمارین هیچی دیکەی لێنازانن. کوێرێک، کوڕە من نەبێ کەس کەس نازانێ قژ مانای چییە. بۆ ئەوەی زیاتر وەختم لەدەست نەچێ گوتم:

– وەیسی برام با ئەو شەقامە دوور و درێژەی مێشکم بۆ تۆبێ، بە تەنها لێرەدا بژی. من دەگەڕێمەوە لات ئێستا دەبێ بڕۆم کارێکی گرنگترم هەیە.

ویستم سووچێک، پەنایەک لە مێشکم بدۆزمەوە، ئارام و هێمن بۆ چەند ساتێک تێیدا دانیشم، دانیشم و تۆزێک چاوەڕێ بم، بەڵکو ئەو کارێکتەرەی دەمەوێ بێت، لە چاڵێک لەوانەی بۆ خۆشاردنەوە و پەنادان هەڵیانقەندبوو، چاڵێک سی دانە ساڵ دوور لێرە و سی دانە ساڵ دوور لە ئێستا دانیشتم و چاوەڕێ بووم.

* * *

من لەو دووریە خۆم پەنادابوو، وەک منداڵێکی گریا و ترساو چاوەڕێ بووم. دەنگی دەرگا هات، دەرگای مێشکم نا، دەرگای حەوشە، ئەی خودایە کەنگێ بیر بکەمەوە، چۆن لەو دووریە بگەڕێمەوە، چۆن ئەو زەمەنە دوور و درێژە ببڕم، چۆن لە تەمەنی منداڵییەوە بفڕمە ناو تەمەنی پیاوێکی کامڵ. دەبێ بەسەر چەندان خەرەندا بفڕم تەنها تەماشاکردنیان ژیانت لێدەستێننەوە.

گوێم لێیە، وەک لە قووڵایی خەوێکدا بم گوێم لێیە، یەکێک دەرگا دەکاتەوە. کەسەکەی ئەودیو لە من دەپرسێ، بانگم دەکەن

– کوڕە وەرە خوار تۆیان دەوێت.

خێرا هەڵدەستم، دەگەڕێمەوە ناو ژیانی ئاساییم، نە کۆڵانی مێشک و نە هیچ. دەچمە بەردەرگا هاوسێیەکی ئاشنام کە من ناوەکەیم نایەتەوە بیر دەستم دەکوشێ. لە دڵی خۆمدا دەڵێم دەشێ ئەوە کارێکتەرەکە بێت کە دەمەوێ. ئەو دەڵێ:

– کارێکم کەوتۆتە لای تۆ دەبێ لەگەڵم بێی.

دەڵێم:

– با تۆزێک خۆم پۆشتە کەم.

دەڵێ:

– پێویست ناکات.

دەستم دەگرێت، وەک بەرخێک دوای دەکەوم، کۆڵانەکەی خۆمان دەبڕین، دەچینە ئەوپەڕی شەقامەکە، چەند کۆڵانێکی نارێک و باریک دێنە پێشمان، ئەو قسە دەکات، من نامەوێ تێبگەم، لە بیری خولقاندنی کارێکتەرەکەمدام، کۆڵانەکان دوورودرێژن، پێیەکانم خوار دادەنێم، سەرەتا هەستم دەکرد خەڵکانێکمان لەگەڵە. ئێستا تەواو تەنهاین، لەبیرم نییە چاویلکەی خوێندنەوەکەم دانێم، باش نابینم، دەمەوێت هەست بە دەستی بکەم، من دەستی دەگرم، تێدەگەم جلێکی نەرمی لەبەرە، نازانم قوماشەکەی وایە، یان کۆنە. وەیس بایە دەیزانی، نابینایی بۆ ئێستە باشە. بارانێک کە نازانم بارانی چ وەختە دەبارێت. کۆڵانەکان زۆر درێژن. پێدەچێ هی سەردەمێکی دیکەبن، بە کۆڵانە باریکەکانی کۆیە دەچن، زۆر درێژتر، حەز دەکەم بگەینە دەرگایەک، هەر دەرگایەک بێت، دەبێ دیوار بگاتە دەرگایەک، پێموایە دەگەینە دەرگایەکی تەنەکە، حەزم لە دەرگایەکی تەختەی کۆنی بەنەخشە، پێش ئەوەی بیکەینەوە پیرێژنێک ئەوانە کەس تەمەنیان نازانێ، پرچیان سوور سوورە، لەو دیو دەرگاکە بکاتەوە، لە پشتییەوە سندووقێکی تەختە بە دیواری بەرانبەر هەڵنرابێ، بە ڕەنگی پیرۆزەیی

نەخشێکی خواروخێچی لێکرابێ هەروەک ئەو جارەی لەسەر قەلات لەگەڵ هاورێیەکم وێنەی یەکترمان دەگرت. بەلام ئێستا نازانم ئەو هاوسێ ئاشنا و موحتەرەمەم بۆ کوێم دەبات؟

بایەک لێم دەدات و کراسە باراناوییەکەم بە سنگەوە دەنووسێنێ من بۆ چەند دەقیقەیەک دوای ئەو نەحلەتییە کەوتم، قەڵەمەکەم هەر بە دەستەوەیە. متمانەی تەواوم بەو هاورێ دڵسۆزەم هەیە، پێی دەڵێم:

– برای ئازیز زۆر درەنگ کەوتین نەمەدەزانی هێندە دوورە.

ئەو ئاورێکی لێدامەوە و زەردەیەکی بێباک و سادەی کرد و گوتی:

– هەر ئێستا ئەو کارە بە تۆ نەبێ ناکرێ، تۆش جێگای بروای منی.

گوتم:

– ئەو دیوارە دوورودرێژانە چین، بۆ دەرگایەکمان نایەتە رێگا؟

ئەوجارە روونتر پێکەنی و گوتی:

– شارەزایان نی! خۆ تۆ خوێندەواری، لەو کتێبە کۆنانەی کتێبخانەکەت، لەو لاپەرە زەردانە، قەت ناوی ئەو شار و دیوارانەت نەخوێندۆتەوە؟

پرسیم:

– چ شار و دیوارێک؟ من بۆ چەند چرکەیەک لەگەڵ تۆ هاتووم تا کارێکت بۆ بکەم.

ئەو گوتی:

– هەموو ئەوانەی بۆ ئێرە دێن بۆ چەند چرکەیەک دێن، پێم بڵێ گوێت لە سازێک نییە؟

من سەرسام و ترساو، بە گوێیەکانی وەیس گوێم گرت. لە ناخمەوە دەنگێک هاواری کرد:

– ئەوە سازەکەی ئۆرفیچسە، ئێرە جەهەندەمە، تا هەدێس ئاگادار نییە بگەرێوە، تا کێربێروس سەگی کۆلانەکانی جەهەندەم بەئاگا نەهاتووە بگەرێوە.

لەو تاریکییە قووڵەدا سازێک ناخمان دەبرێ و دیوارەکان وردە وردە دەتەپێن.

هاوسێکەم گوتی:

– تا ئەو سازە دەنگی بێت ئەو سەگە سێ سەرە بەئاگا نایەت.

چەند پلیکانەیەک چووینە خوارێ، دەرگایەکی بەردینی کردەوە، کووپەیەکی گەورەی شینی کۆن کۆنی لێبوو، سەرەکەی هەڵگرت و سازێکی درێژ و باریکی تێدا بوو، بێدەنگ دەری هێنا. منی هەڵگرت و زۆر بە ئاسانی خستمیە ناو کووپەکەوە، سەرەکەی نایەوە و گوێم لێ بوو دەیگوت:

– من بۆو سازە هاتبووم، سازەکەی ئۆرفیچس. ئەو سازەی دۆزەخی هێمن کردبۆوە، ئیدی دۆزەخ پێویستی بەو سازە نییە، دەبێ بیبەمەوە سەر زەوی.

من هەر لەناو کووپەکەوە، گوتم:

– بابێم من لەو سازە وەستام.

ئەو زۆر بێباکانە گوتی:

– نا، تۆ ئەو کارێکتەرەی پێویستم پێیەتی، لێرەبە با سەگە سێ سەرەکەی دۆزەخ نەزانێ سازەکەم بردووە.

من گوتم:

– ئاخر من کارێکم هەیە، من چیرۆکەکەم تەواو نەکردووە، تەنها تاکە کارێکتەرێکی ماوە.

ئەو گوتی:

– کارێکتەرێک خیانەتت لێ بکات.

گوێم لێ بوو، نووسراوی سەر دەرگا بەردینەکەی دەخوێندەوە:

«هەر کەس رێگای دەکەوێتە ئێرە، هێمن بێت و سەر دانەوێنێ لە پشت ئەو دەرگایەوە سازە سیحرییەکەی جیهان نووستووە»

۲۰۰۷/۷/۲۰ – ۳/۱۵